# ژینا – نامە (٢٢- ٢٠)
## ژن تەنیا جەستە نییە




چاو و برۆ، ئەگریجە ، کولّم و جوانی ڕوخسار، خانم بۆ ناو ماڵ، هاوسەر بۆ مێرد، دایک بۆ منداڵ، هێز بۆ کار، هاوڕێ بۆ میوانی و جەژن و بەرنامە و بۆنەکان، پەیکەر بۆ هونەر، کەس بۆ ڕێکلام ، ئاکتۆر بۆ درەوشانەوە لە سەر سەکۆ و پەردەی سینەما و شوێنی تر، نابن بە پێناسەی ژن .

ئێمە ڕاهاتووی ئەو کۆمەڵگایانەین کە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهان ژن و پیاو لە زۆر بوار یەکسان نابیندرێن و هەتا سەت ساڵ پێش ئێستا مافی دەنگدانیشیان نەبوو. لە سەر گۆی زەوی ژمارەی ژنان لە پیاوان زۆرترە، بەڵام یەک لە دەی پیاوان بەشدار لە بڕیاردان و بەڕێوەبردن نین.

تێگەیشتنی هەزارەکان لە ژن ، کە بە ناوی ئایین زیندەبەچاڵ و بەردەبارانکراون و بە زیندوویی سووتێندراون بنەبڕ نەکراوە. تێگەیشتنی ئەمڕۆ لە مرۆڤ( ژن، منداڵ، لاو)، زیندەوەران ، سروشت و ژیان سروشتی نییە.

ژن لە کەلەکەی پیاوەوە نەهاتۆتە دەر، لە بەهەشتی خەیاڵی سێوی لە دار نەکردۆتەوە، هیچ خودایەک بۆ مەڕامی پیاو ژنی نەخوڵقاندووە. مووسا، عیسا و محەممەد کە بوونە هۆی ئازاری چەند هەزار ساڵەی ژنان و بەردەبارانکردن و زیندەبەچاڵکردن و سووتاندن و بێبەشکردن لە ماف، ئەگەر ڕاسپاردەی خودایەکیش بووبێتن، خوداکەیان لە چەشنی داعش، ئەلقاعدە، حزبوڵا، تاڵیبان و ڕژیمی ئێرانی ئیسلامی بووە.

ژن فریشتە و مەلائیکە و فانتێزی هاو چەشنیش نەبووە و زۆر لەو وێنانەش کە شاعیر و نووسەر و فەیلەسووف لێیان کێشاون نەبوون. ژن و پیاو نەوعێک لە زیندەوەران بوون و هەن .

مرۆڤ کاتێ بە ئازادی و ڕزگاری دەگات کە خۆی لە تێگەیشتنی هەڵە و سەقەت خەلاس کردبێ .ژن و پیاو، منداڵ وەک مرۆڤ ئەگەر لە ڕواڵەتی جەستەدا جیاواز بنوێنن، لە مرۆڤبوون، لێهاتوویی، ماف و بایخ جیاواز نین .
ئەوەی بە ناوی دین، قانوون، فەرهەنگ، کۆمەڵگا، داب ونەریت و بۆچوون ساز کراوە، ڕەنگدانەوەی سروشت و سرشتی مرۆڤ نییە. کۆمەڵگای بەجێماو لە ڕابووردوو کە گەیشتۆتە ئەمڕۆ، کۆمەڵگایەکی فەشەلە کە بەرهەمی تێگەیشتنی پیاوە چ وەک خودا، چ وەک مرۆڤی زاڵی سەر عەرد.

ژن، کچ و کوڕ و منداڵ لەو کۆمەڵگایەدا کە پیاو بەناوی خودا، فەلسەفە و بیرکردنەوە، ئایین و قانوون سازی کردووە و خۆشی تێیدا ئازاد نییە، ئازاد نەبوون و مافیان زەوت کراوە و لێهاتوویان بەکارنەهێندراوە و لە ڕێگای دام و دەزگا و سیستەم "ڕاهێندراون" ، "عادەت دراون" و "بەکارهێندراون ."

ئەم سەدەیە سەدەی قەیرانی ڕابووردووە، سەدەی ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنەکان و سەدەی گەڕانەوەی ماف و سەدەی توانەوەی هەموو ئەو فێڵانەیە کە بە ناوی خودا و ئایین و "فەلسەفە"، "زانستی تەرسە" لە مرۆڤ کراوە .
ژن و پیاو و منداڵ پلەی بەرزتر و نزمتر و یەک و دوو و سێیان نییە. بۆچوون و تێگەیشتنی پیاو وەک باوک، هاوسەر، برا، مام و خاڵ و ... چەندە گرنگ یان ناگرنگ بێ، هی منداڵ و ژن و لاو هێندە گرنگ و ناگرنگە .

بێڕێزی، بێ مافی لەو تێگەیشتنەوە دەست پێدەکات کە "ئادەمی" خەیاڵی لە پلەی یەک و "حەوای" خەیاڵی لە پلەی دووهەم دابندرێ. تێگەیشتنی چەوت لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە ژن بە هۆی ژن بوون زیندەبەچاڵ بکرێت، بەردەباران بکرێت و بە زیندوویی بسووتێندرێ .

ژن بوون، پیاوبوون، منداڵ و لاو و کچ و کوڕ بوون، دەرفەت و مافە. مرۆڤ بە تەنیا وەک ژن، پیاو، منداڵ، لاو، کچ، کوڕ ئۆبیەکت نییە، کە بە یەک لەوانە بەخشرابێ. مرۆڤ هەم جەستەیە و هەم کەسێکی خاوەن تێگەیشتن. ژن، پیاو، منداڵ و لاو هەر دوو لایەنیان هەیە و خاوەنی هەر دوو لایەنی خۆیانن.

هەرکام لە ئێمە دەکرا ئەویتر بین یان ببین بەوی تر .ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەوەی تا ئێستا بە ناوی تێگەیشتن، فەرهەنگ، دین، نۆڕمی کۆمەڵگا و تێڕوانیین لە خۆمان بە ناوی ژن، پیاو هەمانبووە، دەتوانێ تەرسە و نادرووست و ناتەبا لە گەڵ بوونی هەر کام لە ئێمە و دەور و ڕۆڵمان بێ و بووبێ .دەکرا تێگەیشتنی ژن و پیاو جیاواز لەوە بایە کە هەبووە، دەکرا دەورەکان و شێوەی ژیان و هەڵسوکەوت جیاواز بایە و ئەوە نەبوایە کە تا ئێستا بووە. ئەوەی بۆتە قەراردادی ژیان دەکرا جیاواز بێ، واتە ئەوە ئینسان خۆی بووە کە خۆی وا بینوە، دەکرێ ئەم تێگەیشتن و بینیینە جیاواز بایە و ژیان بە هەمان شێوە جیاواز .
ڕەنج و ئازاری مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ خۆیەتی، کە دەکرا وانەبێ! کاتێک دەرکەوتووە تێگەیشتنی چەند هەزار ساڵە و چەند سەد ساڵە کۆمەڵگای نائازادی نابەرابەری ناتەبای لە بەریەک هەڵبڕاوی لێکەوتۆتەوە، مانای ئەوەیە مرۆڤ دەبێ بە سەر تێگەیشتنی چەوتی خۆیدا بێتەوە بۆ ئەوەی گۆی زەوی هی هەموو کەس و هەر کەس بێ .

ڕاپەڕینی ژیناکان لە هەموو جیهان لە ئارادایە و لە ساڵ و دەیەکانی داهاتوو خۆی نیشان دەدا، ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینی ژینا لە سێ مانگی ڕابووردوو نیشانەی سەرەتایەکی نوێیە و هێدی هێدی لایەنەکانی هزریی، فەلسەفی، هونەریی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەردەکەوێ .

ئەوەی لە کوردستان لە شێوەی خۆپیشاندان دەرکەوت و گەیشتە ئێران لە ڕۆژئاوا لە بەستێنی فەلسەفە و بیر و هزر لە ئارادا بووە، پێشڕەوانی ژنان و لاوانن و لە هەموو بوارێکدا جێ پەنجەیان دیارە .

منداڵانی ئەم سەردەمە بە درووستی بێزاربوونی خۆیان لە سیستەمی وێرانکەری فێرگە و زانستگا و تێڕوانینی بنەماڵەی سەدەکانی پێشوو دەردەبڕن .
گۆی زەوی و مرۆڤی سەر زەوی کەوتۆتە ڕەوتێکی گۆڕان و بەری پێناگیرێ .

برایم فەرشی ٢٠٢٢/١٢/١
وێنە" ئە. سەدری